# فریشتەیەك سپی ،سپی،غەمگین ،غەمگین گەڵا دەگری



**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**

**1**

شەکری شەکردانەکەی دڵم دەڵێ،،
لەزەتی خۆشەویستی هەموو دنیا
لەشرینی لێوی مندایە
ئاوی پەرداخەکەم ئەڵێ
من زەنوێرێکی بچووکم
ئەو بەیانیەش کەتەماشای
گەڵایەکی وەریووم گرت
جەستە فریشتە سپیەکەی
دایکم بینی،، لەبەهەشتدا
تەنها، تەنها، غەمگین، غەمگین
هەڵئەلەرزێ و پێ ئەکەنێ

**2**

لەئێوارەیەکی پڕ لەنەشئە
بۆ پەژارەی دڵ ئێوە
ناوی شعرم ،بۆنی شعرم
پێناسەی رەنگی شعرم هەڵدەگرم
تاکوو ببێ بەپەڕەسێلکەیەکی سپی
درەختێ لەنائومێدی بچێنێتەوە
لەئێوارەیەکی فێنکی بەهاردا
دەبمە روبارێك
بۆگوڵی پەژموردەیی ئێوە
دەبمە باڵندەیەکی غەمگین
دەبمە نۆتەی مۆسیقایەکی پرش ئەسرین
وەکوو گەڵای پایزی وەریوو دەژێمەوە

**3**

خەرمانەیەك خۆشەویستی ئەهێنمە باخی دڵمەوە
دەیهێنمە بارانی کۆشی ژینمەوە
خۆشەویستی خەونێکی درامایە
هەندێ وەرز رەنگاو رەنگەو
بۆنی توڕەیی لێ دێ و
هەندێ وەرزیش گەڵایەکی زەرد هەڵگەڕاو
هەندێك جاریش وەکوو رۆژی روناك وایە

**4**

لەودیو وەرزەکانی تەمەنەوە
لەیادەوەری هێلانەیەکی بەجێماو دەچم
خەونەکانی رۆژگاری دوێنێ
ماڵئاوایی لەدرەختە سوتاوەکانی گوڵ ،
ماڵئاوایی لە بیابانی چۆڵی دڵم و
شەرێکی دۆڕاوی ناوەختی
کوژرانی پەروانەیەك دەکەن
وەرزێك بەرەنگی خوێنی باخچەك
بەسێبەرو هەتاوەوە
بەفرمێسك و زەردەخەنەو
بەتاریکی چراوە
ئەگەڕێنەوە بۆبانێژەی دڵ

**5**

سەختر لەجەستەیەکی بریندارى چاوەڕوانی
منداڵێکی پەپوولەیی
لەگەردەلوولێکی ناوەختا
ماڵی دڵ دەکاتە شەپۆلی دەریاو
بەخونچەو گوڵ و لاولاوە
باران نمەی خۆی دەکاتە
شەونمی بەیانیان و
ئەوینی تیا دەڕوێنێ
رومەت گەش و سپی سپی

**6**

ووشەکانت سپێدەیەکی پڕشنگدارن
جارێك ئەبنە پەپژەیەك و
ئاشنا بەچاوەڕوانی سەرکەوتن
جارێکی تر ئەبنە خەونێکی
شووشەیی و
دارستان و سێبەرێکی پڕ هەتاوو
لەبێزاری دادەبڕێن و نقووم ئەبن

**7**

وەك هەناسەیەکی دۆزەخی
هەموو شەوێ لەناکاودا
تەنهایی دەرژێتە ناوروباری چاوەمەوەو
سەر لەماڵی تاریکی ئازار ئەدەن
چەپك چەپك بەیەکەوە
گوڵ و خونچە و شەپۆلی دەریا
مانگی رۆشن
لەئاسمانەوە بۆعاشق ئەبەن

**8**

هەندێ جار تنۆكی شپرزەیی
گوناهی رووی خۆم دەنوسمەوە
هەندێك جاریش وەك
باخەوان لەنێو گوڵە رەشەكانی دڵی تۆدا
دێم و دەچم
لەچوار دەوریان دەسوڕێمەوە
هەندێك جاریش دەبمە مۆمێكی گەش و
روومەتی سوور و سپیتان ماچ دەكەم
وەكوو تینویەتی ئاوی كانی دەژێمەوە

**9**

هەركاتێ بەفرسپی سپی
رەنگەكانتان بشواتەوە
بەرەنگی خۆی داتان پۆشێ
گوێ لەلاشەی تەزیوی
ئەو هەموو گوڵ و گەڵاو
دارودرەختە نەگرێ
ئەو سا منیش بەناچاری
ژیان جێی ئەهێڵم و
لەشعریشدا باسی ناكەم

**10**

فێرت كردم
لەگەڵ رەنگەكاندا چۆن تێكەڵ بم
گوێ لەناڵەی دڵت بگرم
تێكەڵاوی گۆمی قووڵ و
چرای قژ زەردی شەوو
تریفەی مانگە شەو
شەپۆلی دەریایەكی هێمن بگرم

**11**

لەسەوزایی بەهارو، رەنگی پایزو
چەندان گەڵای هەڵوەریوو
چەندان خونچە گوڵەبەرۆژەم هەیە
چەندان چریكەی بولبول و
چەندین ئەستێرەی چاوگەش و
چەندین خەونی رەنگاڵەیی و
چەندان پرشنگی خۆم هەیە

**12**

من ناتوانم
خەون بەیەك باڵندەو ببینم
شمشاڵێك  بم بۆیەك شوان
چونكە شعری من
یەك خەون و یەك ئاواز نیە
نیشتمانی هەمووتانم
بۆیەهیچ كەس لێم ناپرسێ

**13**

بەكام رێگایە دەرۆم
بریاریدا كەبمبینێ
لەرووخساریا باخچەیەك كرایەوە
بۆباوەشی عەشقی بردم
عەشقی  بەسەرمدا داباری
شنە شنی هەناسەكەی
ناو هەناوم و هەردووچاوم
ژووری دڵَ و سەرو قژیان پڕكردبووم
لەپەرەی گوڵ و گەڵاو
پەپولەی سپی رەنگاو رەنگ
لەمێخەكی شعرێكی بۆن خۆش

**14**

دوێنێ
خەیاڵی سركی كەوێكم
لەبناری قەندیلدا گرت
خستمە ئامێزی ووشەوەو
یەكەمین ژووانی ئێمە بوو
لەقەفەزی دڵما بەند كرد

**15**

كاتێ قەڵەمێكی شۆڕشگێر
بەدەم نوسینەوەی ووشەكانی ئازادیەوە
دەكوژرێ
كاتێ كیژێكی عاشق
بەدەم گۆرانی خۆشەویستەكەیەوە تیرۆردەكرێ
ووشە دەگری و شەقامیش ماتەم دەگێرێ و
ئاسمان هۆن هۆن فرمێسك دەرژێ

**16**

شعریش رەنگی زەرد دەبێت و
درەختیش لەمەراقا دەمرێ

خەونەکانیش
سەربەرەو خوار رادەکشێن و
باخیش لەمەرگی جۆگەلەیەکدا
رەش دەپۆشێ

**17**

شاعیرەکانیش هەرهەموویان
بەرەنگی سور
هاژەی روبار دەنوسنەوە
شار بێ رەنگ و، با بێ دەنگ و، منیش دڵتەنگ
هەردوای ئەوە
دارستان و روبارو دەشت و
مەل و گوڵ و چیا و جۆگە
رائەپەڕن
مێژووی خۆیان دەگێرنەوە